# بۆنی نەوت

زاهیر باهیر- لەندەن

بەشی سێیەم

خوێن و نەوت (Blood and Oil)
نووسینی: مایكڵ كلەیر Michael Klare
لە بڵاوەكراوەكانی : Penguin Group
چاپی یەكەم، ئەمریكا، 2004

لە بەشێكی تری كتێبەكەیدا، كلەیر باس لەوە دەكات كە سەرۆك بووش هەر بە هاتنی بۆ دەسەڵات هەستی بە مەترسی پاشكۆیبوونی ئەمەریكا بۆ وڵاتانی بیانی خاوەن نەوت كردووە و زانیویەتی كە ئاساییشی نەتەوەیی ئەمەریكا لە ژێر ڕەحمەتی وڵاتان و حوكوومەتانی خاوەن نەوتدایە، بۆیە بووش لە ئازاری 2001دا ددانی بەوەدا نا، كە "دەوڵەت بە قۆناخی قەیرانی وزەدا دەڕوا"، ڕاستییەكەی ئەوە بوو كە دەوڵەت گیروگرفتی نەوتی هەبوو و بۆ چارەسەركردنیشی دەبووایە بیر لە سەرچاوەی تر بكاتەوە.

دەستەی گەشەپێدانی سیاسەتی وزەی نیشتمانی( National Energy Policy Development Group-NEPDG) ئەویش بۆ یەكەم جار بڵاوی كردەوە كە"ئەمەریكا لە ئێستاوە بۆ 20 ساڵی داهاتوو لە 3 بەرمیل نەوت دەبێ نزیكەی 2 بەرمیلی لە دەرەوە بهێنێت، ئەمەش دەكاتە زیادكردنی حاڵەتی پشتبەستن بە دەسەڵاتگەلێكی بیانی كە هەرگیز دڵیان بە بەرژەوەندی ئەمەریكا ناسووتێت" ل 57. بووشیش بە دەوری خۆی ئەوەی وەبیر هاووڵاتان هێنایەوە كە"چارەسەری كێشەی نەوت لە ماوەیەكی كورتدا ناكرێت و لابەلاكردنەوەی كێشەی وزە كات دەخایەنێت، چونكە بیركردنەوە و پلانی دەوێت". هەر لەو كاتەیشدا تێكڕای پلانەكەی نارد بۆ NEPDG كە دیك چێنی سەرۆكی بوو. سپێنسەر ئەبراهامیش كە وەزیری وزە بوو لەگەڵ چەند ناودارێكی تر، كە لە كۆشكی سپی دەسەڵاتیان هەبوو، ئەندامی چالاكی ئەم لیژنەیە بوون، داوای لێ كردن، كە كارەكانیان سەبارەت بەمە هەتا مانگی ئایاری 2001 دەبێ ئەنجام بدەن، بەڵام كەسانی ناو ئەم لیژنەیە بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان لەگەڵ كۆمپانیاندا هەبوو و هەندێكیشیان لە لایەن ئەم كۆمپانیانەوە پارەیان بۆ برابووەوە و زۆریش تێكەڵاوبوون لەگەڵیاندا، بۆیە كاری ئەم لیژنەیە، كە گەڕان بوو بە شوێن سەرچاوەی تردا كە جێی نەوت بگرێتەوە، ئەركیشیان ئەوە بوو كە كارێكی جیددی بۆ بكەن بە هەڵسەنگاندنی پارەی تێچوونی و ماوەكەی كە دەیخایەنێت، بەڵام بە هۆی ئەو هۆیانەی سەرەوە ئەمانە كارێكی گرنگیان بۆ ئەو مەسەلەیە بە ئەنجام نەگەیاند.

لە لایەكی تریشەوە لە لایەن پیاوماقووڵان و خەڵكانی كۆمپانیاكانەوە گوشارێكی زۆر لە سەر بووش كرا بە لۆبی(Lobby) كردن و قسەلەسەركردنی، ئەمەش وای كرد، كە وردەوردە سەرۆك بووشیش لەم پلانە پشتی سارد ببێتەوە. كلەیر، لە لاپەڕە 61 ی كتێبەكەیدا زۆر جوان باس لەمەی سەرەوە دەكات و دەڵێ"لە كۆتاییدا گومانی تێدا نەمایەوە، كە كێننێت لەی( Kenneth Lay) ی بەڕێوەبەری یەكەمی كۆمپانیای ئێنرۆن(Enron) بە یارمەتی دۆست و هاوەڵانی تر لە كۆمپانیاكانی تری نەوت و پیشەسازی نەوت و گازدا، كاری كردە سەر بووش. هەر گۆڕانێكی گرنگ لە سیاسەتی ئەمەریكادا سەبارەت بە وزە بێگۆمان كاریگەرییەكی گەورە دەكاتە سەر داهاتووی پێشكەوتن و قازانجی ئەم كۆمپانیایە، بۆیە سروشتیی بوو، كە بە توندی و بە بەردەوامیی لۆبی بكەن دژی ئەم پرۆژەیە. بووشیش وەك پێشینەكەی لە كۆشكی سپییدا سەرەنجام لەوە حاڵی بوو كە نەوت چ ڕۆڵێكی گرنگ لە تاوادنی ئابووری ئەمەریكادا دەبینێت. هەر ئەمەیش زۆر سەختی دەكات لە ئەنجامدانی هەر شتێكدا كە ڕۆڵی نەوت بخاتە لاوە یا تەنانەت كەمیشی بكاتەوە.

بووش ئەوەش تێگەیشت کە گۆڕینی نەوت بە سەرچاوەکانی تر بۆ دابینکردنی وزە گۆڕانێکی گەورە لە شێوازی ژیانی گشتی خەڵکی ئەمەریکادا، دروست دەکات، کە ئەوەش بە دەوری خۆی گرانە پێیان قەبووڵ بکرێت. ئەمەش وای لە بووش کرد کە خۆی لە سیاسەتێکی ترسناک بپارێزێت و بەم شێوەیە ڕێڕۆی بەرەنگاربوونەوەی هەڵنەبژارد".

چارەسەرکردنی کێشەی نەوت لە ئەمەریکادا ئاسان نییە. نەتەوەیەک کە ساڵ بە ساڵ ژمارەی دانیشتووانی لە زیادبووندا بێت و کە لە داهاتوودا ژمارەی ئۆتۆمبیلەکانیان یەکسان بێت لەگەڵ ژمارەی دانیشتووانەکەیدا و دەرهێنانی نەوتیش لە کەمبوونەوەدا بێت، بەڵام پێداویستی و داواکاری نەوت لە زیادبووندا بێت، کەواتە ئەم کەلێنی پێداویستییە چۆن چارەسەر دەکرێت، بە تایبەت لە کاتێکیشدا کە ئەمەریکاییەکان ئامادە نین ڕێڕۆی ژیانیان بگۆڕن؟ کلەیر ئەم کێشەیەی لە لاپەڕە 62ی کتێبەکەیدا بە ئاماری فەرمی نیشان دەدا و دەڵێ" دەرهێنانی نەوت لە ئەمەریکا لە کەمبوونەوەدایە. لە نێوان ساڵانی 2000 بۆ 2020 بە ڕێژەی 18% دادەبەزێ، واتە: لە ڕۆژێکدا لە 8.5 ملیۆن بەرمیلەوە دادەبەزێت بۆ 7 میلیۆن بەرمیل ، ئەمە لە کاتێکدا بە کارهێنانی نەوت بە ڕێژەی 31% واتە لە 19.5 میلیۆن بەرمیلەوە سەردەکەوێت بۆ 25.5 بەرمیل لە ڕۆژێکدا. ئەمەش یانی هێنانی نەوت، کە جیاوازی نێوانی نەوتی هاوردە و نەوتی خۆیی دەچێتە سەرەوە بۆ نزیکەی 68% واتە: لە 11 میلیۆن بەرمیلەوە بۆ 18.5 میلیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا، کە ئەمەش یەکسانە بە بەکارهێنانی ئێستای چین و هیند بە هەردووکیانەوە".

لە ساڵی 2002 دا جەنراڵ تۆمی فرانک جەختی لە سەر ئەوە کردەوە، کە 68%ی یەدەکی نەوتی جیهان لە ناوچەی کەنداودایە و 43%ی نەوتی هاوردەی جیهانیش لەو ناوچەیەدا بە تەنگەی هورمزدا تێدەپەڕێت، ل71. ئەمەش زەمانەتی نییە بە هۆی بارودۆخی ناوچەکەوە بە تایبەت ئێران و عیراق کە تەنگەی هورمزیش لە بەردەم هەڕەشەی ئەواندایە. لەبەر ئەوەی کە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ئاساییش نییە گەر بڕیار بێت نەوت زیاتر لەوێوە بهێنرێت، دەبێ بودجەی وەزارەتی بەرگری زیاد بکرێ تاکو بتوانرێ گەیشتنی ئەو نەوتە دەستەبەر بکرێت. لە کاتێکدا کە ئەم هەلومەرجەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە کە پڕە لە کێشە و گرفت، ڕەنگە بەدیلێکی تر هەبێ بۆ ڕاستکردنەوەی ئەم بارە لارەسەنگە زیادکردنی هێنانی نەوت بێت لە ئەمەریکای لاتینەوە بە تایبەت مەکسیکۆ و ڤەنزوێلا و کۆلۆمبیا. ئەمە لە ڕاپۆرتەکەی NEG دا باسکراوە، هەروەها ناوی ڕووسیا و وڵاتانی سەر زەریای قەزوینیش هێنراوە بە تایبەت هێنانی نەوت لە باکۆوە بە ڕێی تبلیس و جەیهان (Ceyhan)ی تورکی کە ئەم لوولانەیش بە BTC واتە: هێڵی باکۆ – تبلیس – جەیهان(Baku-Tiblis-Ceyhan) ناوی دەرکردووە.

بە ڕای کلەیر سەرۆکی ئەمەریکی بۆ وەڵامی پاشکۆییبوونی بۆ نەوتی بیانی، پشتبەستنە بە هیزی لەشکری"وا دەردەکەوێ کە کارگێڕی ئەمەریکی لە هەر سێ سیاسەتەکەی دەرەوەیدا لە بایەخدا بە ئاشتی و ئاساییشیان وەکو:

1. زیادکردنی توانستی دەستپێڕاگەیشتنی ئەمەریکا بە سەر نەوتی وڵاتانی تردا.
2. بەهێزکردن و گەورەکردن و زیادکردنی پرۆژەی کارا.
3. پیداگرتن و چڕبوونەوە لە سەر کردەی دژەتیرۆر.

لە تەنیا یەک ستراتیژی یەکگرتوودا کە ئەمەش پارێزگاریکردنە لە هاوردەی نەوتی بیانی کە بە ئاسایی بە جەنگی دژەتیرۆر ناوزەد کراوە و پێناسەکراوە"ل72-73.

کلەیر پاش کەینوبەینێکی زۆر لە سەر مەسەلەی نەوت بە گشتی و ڕێژەی نەوتی یەدەک لە جیهاندا و لەوەش ئەو بەشە کە لە لایەن وڵاتانی نەوتدارەوە لە ئێستادا دەردەهێنرێ، هەر لە

ساڵی 2002 ەوە تا ساڵی 2025، هەروەها ئەم ڕێژەیە بە بەراورد لەگەڵ دەرهینانی نەوت لە جیهاندا، ئەم زانیارییانەی لە لاپەڕە 76 دا خستووەتە ناو چوارچێوەی ئەم خشتەیەی خوارەوە.

**خشتەکەی ژمارە 5 ، لاپەڕە 76**

**نەوتی یەدەك و بەرهەمهێنراو لە کەنداوی فارسی و لە ناوچەکانی تردا لە 2002 - 2005**

| | نەوتی یەدەکی | | نەوتی بەرهەمهێنراو | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| وڵاتان و ناوچەکان | لە کۆتای 2002دا بە ملیار بەرمیل | بە ڕێژەی سەدی لە بەرامبەر سەر جەمی نەوتی جیهانی | ڕاستینەی بەرهەمهێنانی لە 2002دا بە ملیۆن بەرمیل | بە ڕێژەی سەدی لە بەرامبەر نەوتی جیهانیدا | خەملاندی نەوتی دەرهێنراو لە 2025 دا بە ملیۆن بەرمیل | بە ڕێژەی سەدی لە سەرجەمی نەوتی جیهانی |
| ئیران | 89.7 | 8.6 | 3.37 | 4.6 | 4.9 | 3.9 |
| عیراق | 112.5 | 10.7 | 2.03 | 2.7 | 5.2 | 4.2 |
| کوێت | 96.5 | 9.2 | 1.87 | 2.5 | 5.1 | 4.1 |
| عومان | 5.5 | 0.5 | 0.90 | 1.2 | نازانرێ | نازانرێ |
| قەتەر | 15.2 | 1.5 | 0.76 | 1.0 | 0.8 | 0.6 |
| سعوودیە | 261.8 | 25.0 | 8.68 | 11.7 | 23.8 | 19.1 |
| ولاتە میرنشیینە عەرەبیەکان | 97.8 | 9.3 | 2.27 | 3.1 | 5.4 | 4.3 |
| سەرجەمی نەوتی کەنداوی فارسی | 679.0 | 64.8 | 19.88 | 26.9 | 45.2 | 36.3 |
| ئەمەریکا | 30.4 | 2.9 | 7.70 | 10.4 | 9.4 | 7.6 |
| کەنەدا و مەکسیکۆ | 19.5 | 1.9 | 6.44 | 8.7 | 8.9 | 7.1 |
| ولایانی دەریای سەرو | 16.3 | 1.6 | 6.16 | 8.3 | 4.5 | 3.6 |
| ولاتانی سەر بە روسیای کۆن | 77.1 | 7.4 | 9.35 | 12.6 | 15.9 | 12.8 |
| ئەفەریکا | 77.4 | 7.4 | 7.94 | 10.7 | 16.2 | 13.0 |
| ئاسیا | 38.7 | 3.7 | 7.99 | 10.8 | 7.5 | 6.0 |
| ئەمەریکای ناوەراست و خوارووو | 98.6 | 9.4 | 6.65 | 9.0 | 12.3 | 9.9 |
| بەشەکانی تری جیهان | 10.7 | 1.0 | 1.83 | 2.5 | 4.6 | 3.7 |
| سەرجەمی نەوتی یهانی | 1047.7 | 100.0 | 73.94 | 100.0 | 113.5 | 100.0 |

کلەیر لەو خشتەیەی سەرەوەدا ئەوە نیشان دەدات کە"بە پێی ڕاپۆرتەکانی کارگێڕی وزە سەرجەمی بەکارهینانی نەوت لە لایەن هەموو وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە تا بەو وڵاتانەیشەوە کە نەوت بەرهەم ناهێنن وەک تورکیا، لە ساڵی 2025 دا دەگاتە 8.9 میلیۆن بەرمیل لە ڕۆژیکدا. ئەمەش یانی 39 میلیۆن بەرمیل دەمینێتەوە بۆ ناردنە دەرەوە، کە بە بێ ئەمەش ئەمەریکا و وڵاتانی تری هاوردەی نەوت تینوو دەبن بۆ نەوت"ل77. هەر بۆیەش ڕاپۆرتەکەی دەستەی وزەی نەتەوەیی ڕایگەیاند کە"نەوتی ڕۆژهەلاتی ناوەراست دەوری سەرەکی لە دەستەبەرکردنی نەوتی جیهانیدا دەبینێ" ل 78.

بەلام ئەگەر دابینکردنی ئەمەش کارێکی کردە بێت لە ڕێگەی دەستەبەرکردن و پاراستنی لوولە نەوتەکان و ئاساییشی ناوچەکەدا، هێشتا گیروگرفتێکی تر دەمێنێت لە دەرهێنانی نەوتی وڵاتانی کەنداودا، کە ئەویش سەرفکردنی 523 ملیار دۆلارە لە نێوان ساڵانی 2001 و 2030 دا بۆ نوێکردنەوەی دامودەسگای تەکنۆلۆژی تا بتوانرێت دەرهێنانی نەوت داخوازی و داواکاری نەوت بەجێ بهێنێت. بۆ نموونە ئەگەر وڵاتێکی وەک سعوودییە بتوانێت ڕێژەی دەرهێنانی نەوتی ڕۆژانە لە 11.4 میلیۆن بەرمیلەوە بگەیەنێتە 23.1 میلیۆن بەرمیل لە ساڵی 2020 دا. خۆ عیراقیش بە هەمان شێوە پێویستی بەوە هەیە کە 7 ملیار دۆلاری تێدا سەرف بکریت تاکو تەنیا ڕادەی دەرهێنانی نەوتی بگاتەوە ڕادەی ساڵی 1990، کە ڕۆژانە 3.5 میلیۆن بەرمیلی دەردەهێنا. بۆ ئەوەی ئەم برە بگەیەنێتە 5.5 میلیۆن بەرمیل پێویستی بەوە هەیە، کە 20 ملیار دۆلاری تیدا سەرف بکرێت. دەبێ ئەوەشمان لە یاد نەچێت کە عیراق لە ساڵی 1979دا 3.7 میلیۆن بەرمیلی دەردەهێنا، بەڵام لە ساڵی 2001دا دابەزی بۆ 2.5 میلیۆن بەرمیل، هەروەها ئێرانیش هەر لەو ماوەیەدا لە 6 میلیۆن بەرمیلەوە دابەزی بۆ 3.7 میلیۆن بەرمیل.

سەرجەمی باسەکەی کلەیر هەر لە سەرەتاوە تا کۆتایی بۆ تیشکخستنەسەر ئەم خاڵانەی خوارەوەیە:

1. زۆربەی زۆری بەیەکدادانەکانی سەدەی پێشوو لە سەر سەرچاوە سروشتییەکان بووە لەمانەش بە تایبەتی نەوت.
2. نەوت بە گشتی و بە تایبەت لەو شوێنانەشدا کە ئاساییشیان تێدا نییە.
3. پێداویستی ئەمەریکا و وڵاتانی تر بە نەوت و کەمبوونەوەی نەوتیش لە بەرانبەر زیادبوونی داخوازی و داواکاری لە سەری.
4. ئەگەر ئەو خاڵانەی سەرەوە ڕاست بن ئەوا بەیەکدادانی خوێناوی سەرەنجامێکی حەتمییە، واتە: ئەگەر ئەمەریکا بیەوێت نەوتی دەستکەوێت ئەوە دەبێ خوێنی بۆ بڕێژێ، کەواتە دڵۆپێ نەوت لە دڵۆپێ خوێنی سەربازێکی ئەمەریکی بەنرخترە.
5. خۆ ئەگەر خاڵی چوارەمیش ڕاست بێت ئەوە یا دەبێ ئەمەریکا ڕێگەچارەیەکی تر بدۆزێتەوە بۆ لابەلاکردنەوەی گیروگرفتی نەوت یا دەبێ درێژە بە سیاسەتی سەدەی ڕابوردووی بدات و سەرەتای ئەم سەدەیە بە هەڵگیرسانی جەنگ و کوشتن و بڕینی خەڵکانی وڵاتانی خاوەن نەوت یا هەرکەسێکی تر کە مەترسی لە سەر نەوت زیاد بکات، واتە: مەترسی لە سەر ئاساییشی نەتەوەیی ئەمەریکا دروست بکات، چونکە سپێنسەر ئەبرەهام لە ساڵی 2002 دا وتی"دەستەبەرکردن و دابینکردنی ئاساییشی نەتەوەیی یانی دابینکردنی وزەی نەتەوەیی".

ئەمە کرۆکی باسەکەی کلەیرە و هێدی هێدی بۆ مەسەلەکان دەچێت و توێژینەوەیەکی زانستییانەیان لە سەر دەکات و بە ڕیزی چارەسەرەکانیشدا شۆڕدەبیتەوە، بۆیە ئەوە دووبارە دەکاتەوە کە ئەگەر شادەماری لەشی ئەمەریکییەکان لە بری خوێن نەوتی گەرەکبێت، نەوت دەبێ بە نرخێکی هەرزانی وا بێت کە توانای کڕینیان بە سەریدا بشکێت. لە لایەکی تریشەوە ئەم نەوتەش بە زۆری لە وڵاتانی کەنداو و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بێت کە ئەمەیش ئاشتی تێدا بەرقەرار نەبێت، کەواتە چارەسەرێکی تر، ڕووکردنە شوێنەکانی ترە بۆ دابینکردنی ئەم سەرچاوەیە، وەک مەکسیکۆ و ڤەنزوێلا و نایجیریا و ئەنگۆلا و کۆلۆمبیا و ڕووسیا و ئازەربایجان و کازاخستان، کە کلەیر ئەمانە بە گرووپی 8 ناو دەبات.

ئەم خشتەیەی خوارەوە ئەوە نیشان دەدات کە بە هەموو ئەم وڵاتانە(گرووپی 8) 197.6 ملیار بەرمیل نەوتی یەدەکیان هەیە، کە ئەمەش بە ڕێژەی 18.9% نەوتی یەدەکی جیهانە، کە لە بەرانبەر وڵاتانی کەنداودا کە 697 ملیار بەرمیل نەوتی یەدەکیان هەیە،ئەمەش بە ڕێژەی سەدییش 64.8% زۆر کەمە.

**خشتەی 6 ل 117**

**نەوتی یەدەك و بەرهەمهێنراو و بڕی نێردراوی سەلمێندراو بەدەر لە نەوتی وڵاتانی بەرهەمهێنەری کەنداوی فارسی لە کۆتایی لە 2002دا**

| وڵاتانی بەرهەمهێینەر | یەدەکی سەلمێنراو بە ملیار بەرمیل | یەدەکی سەلمێنراو بەڕێژەی سەرجەمی نەوتی جیهان | بەرهەمهێنراو بە ملێون بەرمیل | بەرهەمهێنراو بە ڕێژەی سەرجەمی نەوتی جیهان | بەکارهێنانی ناوخۆیی بە ملێون بەرمیل | ئامادە بۆ ناردنە دەرەوە بە ملێون بەرمیل |
|---|---|---|---|---|---|---|
| مەکسیکۆ | 12.6 | 1.2 | 3.59 | 5.0 | 1.79 | 1.80 |
| ڤەنزوێلا | 77.8 | 7.4 | 2.94 | 4.3 | 0.50 | 2.44 |
| کۆلۆمبیا | 1.8 | 0.2 | 0.60 | 0.8 | 0.22 | 0.38 |
| ڕوسیا | 60.0 | 5.7 | 7.70 | 10.7 | 2.47 | 5.23 |
| ئازەربایجان | 7.0 | 0.7 | 0.31 | 0.4 | 0.07 | 0.24 |
| کازاخستان | 9.0 | 0.9 | 0.99 | 1.3 | 0.13 | 0.86 |
| نایجیریا | 24.0 | 2.3 | 2.01 | 2.8 | 0.29 | 1.72 |
| ئەنگۆلا | 5.4 | 0.5 | 0.91 | 1.3 | 0.03 | 0.88 |
| سەرجەمینەوتی دەرهێنراو بێ لە وڵاتانی کەنداو | 197.6 | 18.9 | 19.05 | 26.6 | 5.50 | 13.55 |
| سەرجەمی دەرهێنانی نەوت لە لایەن وڵاتانی کەنداوەوە | 679.0 | 64.8 | 19.9 | 26.9 | 2.98 | 19.92 |

ئەوەبوو لە ساڵی 2002دا لێژنەیەکی ئەمەریکی بە سەرۆکایەتی وەزیری وزەی ئەمەریکی لەو کاتەدا، سپێنسەر ئەبرەهام، سەردانێکی ئەم وڵاتانەی بە ڕووسیاشەوە کرد. لەو سەردانەدا

لێژنەکە ئەوەیان بۆ دەرکەوت، کە ڕەنگە ئەم وڵاتانەش نەتوانن ناردنی نەوت بۆ ئەمەریکا دەستەبەر بکەن، چونکە ئەمانیش یەک کۆمەڵە گیروگرفتیان هەیە و ئاساییش لەوێدا لەو ئاستەدا نییە، کە ناردنی ئەو نەوتە دەستەبەر بکات. بۆ نموونە لە مەکسیکۆ زۆربەی بیرە نەوتەکان بە سروشتی کەمتریان تێدایە و هەندێکیشیان لەم ساڵانەی دواییەدا وشک بوون. لە ڤەنزوێلا هەندێ لە بیرەکان زیاتر لە سەدەیەکە نەوتیان لێ دەردەهێنرێن. ڕووسیاش، کە لە ساڵی 1988 دا ڕۆژانە 12.5 میلیۆن بەرمیلی دەردەهێنا، لە دوای هەڵوەشاندنەوەی سۆڤییێت ئەو ڕێژەیە دابەزی بۆ 6 میلیۆن بەرمیل.

ئەمە بێجگە لەوەی لە زۆربەی ئەم وڵاتانەدا پارەیەکی زۆر بۆ گەندەڵی دەڕوات. لە مەکسیکۆ ساڵانە 1 ملیار دۆلار بۆ ئەو بوارە دەڕوات. لە نایجیریا ساڵانە 4 ملیار بۆ "تاوان" و گەندەڵی دەڕوات، کە زۆربەی پارەکە لە حیسابی بانکیی کەسانی وەک سەرکردە لەشکرییەکان و خاوەنکارەکاندایە. هەروەها لە ئەنگۆلاش بە ڕادەی یەک ملیار بۆ گەندەڵی دەڕوات. لە ڤەنزوێلا گەندەڵی بەو خەستییە نییە، بەڵام پارەیەکی زۆر بۆ نەبوونی سەقامگیریی سیاسی دەڕوا. بۆ نموونە لە ساڵی 2002دا، کە مانگرتنی گشتی بوو بە هاندەر و یارمەتیدەری ئەمەریکا و کۆمپانیاکانی نەوت و دامودەسگا تایبەتییەکانی میدیا، بە پێی کۆمپانیای نەوتی بریتانی BP ، ڕادەی دەرهێنانی نەوت لە 3.5 میلیۆن بەرمیلەوە لە ڕۆژێکدا لە ساڵی 1998 دا دابەزیوە بۆ 2.9 میلیۆن لە ساڵی 2003دا. کە دەکاتە 17%. خۆ لە کازاخستانیش، کە نوور سوڵتان فەرمانڕەوای بوو، کێشەیەک دەیدایە دەست ئەوی تر.

لە لایەکی تریشەوە 5 لەم گرووپی هەشتە: ئەنگۆلا، ئازەربایجان، کۆڵۆمبیا، نایجیریا و ڕووسیا، یا بە جەنگی نێوخۆدا تێپەڕیون یا لە سەر ڕێیانە یا گیروگرفتی کەمینە نەتەوەییەکانیان تێدا بووە یا لە ڕوودانداپە. لە سیانەکەی تریشیاندا: کازاخستان، مەکسیکۆ و ڤەنزوێلا، مانگرتن و بهیەکدادانی توندوتیژ یا شێوەیەک لە شێوەکانی ئاژاوەی سیاسییان تێدا هەن. دیارە هەبوونی ئاژاوە و بەیەکدادان کارێکی ڕێککەوت و خوازراو نەبووە لە لایەن خەڵکەکانیانەوە بەڵکو دەرەنجامی ئەو سەرچاوە سروشتییە نایابانەن کە بوونەتە هۆی بەدبەختییان. (درێژەی هەیە)